Tekoshan No.130

ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت

نادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

Email: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بلاو دەکاتەوە، بەم نادرەسە:

http://www.khabatmedia.com/radio Email: dangikhabat2003@yahoo.com

نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ – ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ کۆڕك تیلکۆم – ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course Twenty threeth Year Nomber ((130)) 5 of Bafranbar 2707 Kurdish Colemdar falling no 1385 Hijri I Falling 26th Decam 2007

کۆبوونەوەی دانشجوەکانی دانشگای موهەندیسی زانکۆی ئازادی کرماشان

ڕۆژی شەممە ١٥ی سەرماوەز دانشجوەکانی دانشگای موهەندیسی ئازادی ئیسلامی لە کرماشان بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی دانشجوو، کۆبوونەوە.

دانشجوەکان لەگەڵ بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی دانشجوو و شوێن و جێگەی دیاری دانشجوەکان لە بەربەرەکانێ لە بەرانبەر رژیمی ئاخوندی شیعاریان لە دژی کار بە دەستانی رژیم دەداو داوای ئازاد کردنی خوێندکارانی هاوڕێ یان دەکرد.

دانشجوەکان لە دانشگای موهەندیسی ئازادی ئیسلامی لە کرماشان داوایان دەکرد کۆتایی بە فشار و سەرکوت لە بەرانبەر خەڵك و خوێندکاراندا بێ و هەروەها بە دەرکردنی بەیاننامەییك، داوایان کرد کۆت و بەند و سەرکوت لە دانشگاکان هەڵگیرێ و مافی خوێندکاران و دانشجوانی ڕۆشنبیر و ئازادیخواز پێشێل نەکرێ.

***

ئیجلال قەوامی لەزیندانداا باری تەندروستی خراپە

هەواڵدەری چاودێری مافەکانی کوردستان، رایگەیاند ئیجلال قەوامی، ڕۆژنامە نووس و ئەندامی بەرزی ڕێکخراوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی کوردستان بە هۆی چڵك کردنی چاویەوە وەزعی خراپە و پێویستە چارە سەر بکرێ.

خانەوادەی ناوبراو دەڵێن ئەگەر بە پەلە چارە سەر نەکرێ، نزیکە چاوی کوێر بێت.

ئیجلال قەوامی ٣ ساڵە زیندان کراوە و ئێستا لە هەل و مەرجێکی نالەباردایە.

ووتەی بەنرخ

زیندوو بوون لە ناو دڵەکاندا، واتای هەرگیز نەمرییە. (تامس کیمپل)

شکست کاتێکە کە دەست لە هەوڵدان هەڵگری. (ئالبێرت)

بۆ زاڵ بوون بە سەر داهاتوودا، پێویستە مرۆڤ زمانی سەردەم بزانێت. (جان نێسیت)

هەر کەس بە توانا بێت، جێگەی شیاوی خۆی وەر دەگرێت. (چالز)

گەورەترین توانا، بڕوا بەخۆ بوونە. (باب جۆنز)

دەرکردنی دیپلۆماتێکی ڕژیمی ئاخوندی لە ئاڵمان

دەوڵەتی ئاڵمان دیپلۆماتێکی ڕژیمی ئاخوندی کە لە هەوڵدا بوو کەل و پەلی ئەتۆمی بۆ ڕژیم بکرێ، لەو وەلاتە دەرکرد.

حەوتوونامەی ئاڵمانی ئیشپیگێل بە بلاوکردنەوەی هەوالێ دەرکرانی ئەو دیپلۆماتەی ڕژیم نووسیویە ئەو ڕوداوە بە دوای ئەوە هاتە ئاراوە کە دیپلۆماتەکەی ڕژیم لەگەڵ شیرکەتێکی تایبەت لە خواروی ئەیالەتی (باواریا) پێوەندی دەکا و داوای سیستمێکی کونترۆڵ کردن دەکا کە بیکڕێ، کە بۆ پالاوتە کردنی ئورانیۆم زۆر پێویست و گرینگە.

ئەو بلاوکراوە بە بێ ئاماژە کردن بە سەرچاوەی هەوالەکە، نووسیویە ئەو دیپلۆماتە لە کونسولخانەی ڕژیم لە ئاڵمان کار دەکا و ناوی (محرمعلی،د) یە.

لە پێوەند بەو هەنگاوەی دەوڵەتی ئاڵمان، محمد عەلی حسین ووتەبێژی ڕژیم ڕایگەیاند دەوڵەتی ئاڵمان ڕەفتارێکی غەیرە قانوونیان لەگەڵ، ئەندامێکی کونسولخانەی ئێمە لە ئاڵمان ئەنجام داوە.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ١٠ی دیسامبر، براوەکانی خەلاتی نۆبێلی ٢٠٠٧ کە پێك هاتبوو لە ٥ بەش واتە فیزیك، شیمی، فیزیولوژی و پزشکی، ئەدەبیات و ئاشتی خەلاتی دەملوێن کرۆنی یان لە کارل گوستاوی شازدەهەم پاشای سوئید و لە مالی موسیقای ئیستکۆلم وەرگرت. خەلاتی نۆبێل جیاواز لە ١٠ ملوێن کرۆنی سوئیدی، بریتیە لە میدالێکی زێر، نیشانەی شانازی. کە لە بەردەم مەلەکە، بنەمالەی پاشایەتی سوئید و هێندێك لە زانایان و لێکۆلەرەوان و میوانانی تایبەت بە هەلبژێردراوان پێشکەش دەکرێ. میدالی نۆبێلی فیزیك، شیمی، فیزیولوژی و پزشکی و ئەدەبیات، لەلایەن ئەریك لیندبرگ، پەیکەرساز و کلێشەسازی ناسراوی سوئیدی و میدالی ئاشتی نۆبێل لەلایەن گوستاو ویککند پەیکەرسازی نۆروێژی دروست کراوە. ئەو مەراسیمە هەموو ساڵێك لە ساعەت چوار و نیو بە کاتی سوئید لە بینای کونسێرتی ئیستکهۆڵم بە بەڕێوە چوونی موسیقای نوراکستری فیلار موزیکی پاشایەتی دەست پێ دەکا. بەخشینی خەلاتی نۆبێل بە دانی خەلاتی فیزیك دەستی پێکرد. پرۆفسۆر بوریەیوهانسۆن، براوەکانی خەلاتی ئەو بەشەی ناساند، جێگای باسە هەموو ساڵێك لە یادی مردنی ئالفرد نۆبل ئەو خەلاتە دەبەخشرێتە ئەو کەسانەی کە لەو بارانەدا سەرکەوتن بە دەست دەهێنن.

پترگرونبرگ، فیزیك زانی ئاڵمانی و ئالبیرفر، فیزیکدانی فەرانسەیی بە هاوبەشی جایزەی نۆبێلی فیزیکیان پێ بەخشرا.

گرهارد ئەوتل زانای ٧١ ساڵەی ئاڵمانی خەلاتی نۆبێلی شیمی وەرگرت. ماریوکیچی و ئولیور ئیسمیتیز، لێکۆلەرەوەی ٧٠ و ٨٢ ساڵەی ئەمریکایی و سێرمارتن ئوناس لێکۆلەرەوەی ٦٦ ساڵەی بریتانیایی بە هاوبەشی خەلاتی نۆبێلی پزشکیان وەرگرت.

دوریس لسینگ، خەلاتی نۆبێلی ئەدەبی پێ بەخشرا کە لە بەر نەخۆشی بۆ خۆی ئامادە نەبوو، خەلاتەکە درا بە کچەکەی.

خەڵاتی نۆبێل بەخشرا بە براوەکان

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ١٠ی دیسامبر، براوەکانی خەلاتی نۆبێلی ٢٠٠٧ کە پێك هاتبوو لە ٥ بەش واتە فیزیك، شیمی، فیزیولوژی و پزشکی، ئەدەبیات و ئاشتی خەلاتی دەملوێن کرۆنی یان لە کارل گوستاوی شازدەهەم پاشای سوئید و لە مالی موسیقای ئیستکۆلم وەرگرت. خەلاتی نۆبێل جیاواز لە ١٠ ملوێن کرۆنی سوئیدی، بریتیە لە میدالێکی زێر، نیشانەی شانازی. کە لە بەردەم مەلەکە، بنەمالەی پاشایەتی سوئید و هێندێك لە زانایان و لێکۆلەرەوان و میوانانی تایبەت بە هەلبژێردراوان پێشکەش دەکرێ. میدالی نۆبێلی فیزیك، شیمی، فیزیولوژی و پزشکی و ئەدەبیات، لەلایەن ئەریك لیندبرگ، پەیکەرساز و کلێشەسازی ناسراوی سوئیدی و میدالی ئاشتی نۆبێل لەلایەن گوستاو ویککند پەیکەرسازی نۆروێژی

٥٤ مین بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مەڕ پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا

کۆمەڵی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٧ی سەرماوەز بڕیارنامەییکی لە دژی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێران، کە بریتین لە (شکەنجە، قامچی لێدان، قرتاندن و بڕینی ئەندامانی لەش، سەنگسار و ئیعدام لە شوێنە گشتیەکان) پەسەند کرد، لە کۆی ١٩٢ ئەندامی کۆمەڵی گشتی ئەو گەلاڵەی کە لەلایەن کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشکەش کرابوو، ٧٣دەنگی بەڵێ، ٥٣ دەنگ دژ بە بڕیارنامەکەیان دا و ٥٥ دەنگیش بێ لایەن بوون.

ڕژیمی ئاخوندی بە هۆی ئیعدام، سەنگسار و شکەنجەی زیندانیانی سیاسی و پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان و مەزهەب و کەمایەسیە ئایینیەکان کەوتۆتە بەر ڕەخنەی کۆمەڵگەی جیهانی.

لەو بڕیارنامەدا سەبارەت بە گرتنی هەڵسووراوانی خەباتی دژ بە تۆندوتیژی بەرانبەر ژنان کە بۆ دابین کردنی مافەکانیان تێ دەکۆشن نیگەرانی دەربڕاوە.

وەلاتانی وەك کوبا، کوردی شومالێ، سودان، سوریە و زیمبابوە کە بۆ خۆیان لەلایەن کۆمەڵی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پێوەند بە پێشێلکاری کردنی مافەکانی مرۆڤ ڕەخنەیان لێ دەگیرێ، دژی پەسەند کرانی ئەو بڕیارنامە بوون. لە بڕیارنامەی نوێدا ئەوە دەست نیشان کراوە کە سەرەڕای پەسەند کرانی بڕیارنامەکانی ڕابردوو لە پێوەند بە مافی مرۆڤ لە ئێران،بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لە سەر بەردەوام بوونی تۆندوتیژی وەك سەنگسار بۆ کوشتنی تاوانباران، شکەنجە و حوکمە بێ بەزییانە و غەیرە ئینسانی بێ حورمەتی کردن بەو کەسانەی کە بە تاوانبار دەناسێرێن. هەروەها قەمچی لێدان و بڕینی ئەندامانی لەش و ئیعدام کردن لە شوێنە گشتیەکان لە ئێراندا جێ بە جێ دەکرێ و دەبیندرێ.

هەروەها لەو بڕیارنامە نوێ یە سەبارەت بە زیندانی کردنی هەڵسووراوانی مەیدانی ئازادی ئافرەتان، نیگەرانی ڕاگەیندراوە.

ئەو بڕیارنامە داوای کردووە سەرنج بدرێ بە تۆندوتیژی و جیاوازی دانان بەرانبەر مەزهەبەکان و کەمایەتیە نەتەوەییەکان و ڕەگەزایەتیەکان بەتایبەت بەرانبەر بە بەهائیەکان.

بڕیارنامەی کۆمەڵی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە ڕژیمی ئێران کردوە چ وەك قانوونی و چ بە کردەوە هەر نەوعە جیاوازی دانان بەرانبەر بە کەمایەتیەکان و هەروەها پێشێلکاریەکانە مافی مرۆڤ کۆتایی پێ بێنێ. هەروەها داوا لە ڕژیمی ئێران کراوە کە ئیعدام لە شوێنە گشتیەکان و سەنگسار کردن و ئازاردان و هەڕشە و ترساندن و شکەنجەی نەیارانی سیاسی و هەڵسووراوانی باری مافی مرۆڤ نەهێڵێ و کەسانێك کە بە شێوەی سەرکوتگەرانە و بە هۆی باوەڕی سیاسی زیندانی کراون ئازاد بکا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بڕیارنامەی نوێی کۆمەڵی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە بەڵگەییکی گرینگ دەزانێ لە مەڕ پێشێلکاری مافی مرۆڤ لەلایەن دەسەلاتی ملهوڕی ئاخوندیەوە و پشتیوانی لە بڕیارنامەی نوێ دەکا و داواکارە کۆمەڵگەی جیهانی بە شێوەی جیددی و کاریگەر لە بەرانبەر دەسەلاتی ملهوڕی ئاخوندیدا هەڵویست بگرێ.

***

((دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران))

دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران،

دەنگی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە

دەنگی خەباتی کوردستان، هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعات و نیوێك،

یەك سەعات بە زمانی کوردی و نیوسەعات بە

زمانی فارسی، لە سەعاتی ٧/٣٠ بۆ ٩ی ئێوارێ بەکاتی تاران، لەسەر شەپۆلی کورت، ڕەدیفی ٧٣ میتر بڵاو دەکاتەوە. دەقی نەو بەرنامە لەسەعاتی ٥/٧ بۆ ٩ی بەیانیی ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بڵاو دەکاتەوە.

بڕوخێ ڕژیمی ئاخوندیی ئێران